# ئاوڕدانەوەیەک
# لە لیژنەی بەدواداچوونی گەندەڵی

ئیبراهیم مەلازادە
bmalazada@gmail.com

لە دووتوێی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی لیژنەی بەدواداچوونی گەندەڵی لە هەردوو ئیدارۆچکەی هەرێمی بەزۆر لکێنراو بە عیراقی عەرەبیدا، لەو کاتەی کە پشتیوانی خۆم بۆ ئەو هەنگاوە بوێرانەیەی ئەو لیژنەیە دەردەبڕم و دەستخۆشی کار و چالاکیەکانیان دەکەم، لە هەمانکاتیش دەبێ هەردو ئیدارەکان بزانن ئەوەی ئەو لیژنەیە داوادەکات، بچووکترین و سەرەتاییترین هەنگاوە بەرە و گەڕانەوە سەر ڕێگای ڕاست و ڕەشکردنەوەی ئاسەواری شەڕی خۆکوژی و کاولکار و بێ ئەمانی ناوخۆ.

هەمووومان دەزانین ڕژێمی عەرەبی دووچاری گەورەترین گەندەڵی هاتووە، دوای زیاتر لە دووچارەکە سەدە لە بەڵێندان و هات و هاوار، چارەنوسی ئەو ڕژێمانە بەرەو نەفەقێکی تاریک و نادیار دەڕوا، ئەوە جگە لە برسیکردنی خەڵک و بەکارهێنانی سیاسەتی بەکەرکردنی جەماوەری عەرەب لە پێناو بەرژەوەندیە عائیلی و حیزبیەکان. ئەوە پەنجا ساڵە بە بیانۆی بوونی ئیسرائیل و سەرقاڵی ڕژێمەکان بە ڕووبەڕووبەنەوەی داگیرکەر و پیلانەکانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا (وەکو خۆیان دەڵێن) لە دژی ئوممەی عەرەبی، خەڵکیان ڕاگرتووە بێئەوەی تۆزقاڵێک لە بارودۆخی هاوڵاتیان باش بکەن و کەش و هەوای ئازادیەکان و دیموکراسی بەرەو پێش ببەن، نەک هەر هێندە، تا ئەو چرکە ساتەش زۆرێک لەو ڕژێمانە نەعامە ئاسا سەری خۆیان لە خۆڵ ناوە و چاوی خۆیان بەستووە، نایانەوێ هیچێک لەو گۆڕانکاریانەی ئەمڕۆی دونیا ببینن و هیچ چاکسازیەک لەناو خۆیاندا بەرپا بکەن، هاوڵاتیش لە ژێر باری نەخوێندەواری و نەخۆشی و برسیەتی و گێلەتیدا دەڕزێتەوە.

ئایا دەسەڵاتی کوردی بە چ بروبیانۆیەک دەیەوێ چاکسازی دوا بخات؟

لە یەکەم دەرفەت و لە یەکەم تاقی کردنەوە هەڕەسیان هێنا، دەستیان بە شەڕی ناوخۆ کرد و پەرلەمان و حکومەت و وڵاتی داگیرکراوو لە ئەسلدا پارچەپارچەکراومانیان دابەشتر کرد.

دەیانەوێ بە هەمان ئەو ئەزموونە تاڵەی ڕژێمە عەرەبیەکاندا تێپەڕببنەوە؟

مەگەر نابینن سەنگەرەکانی ئەو ڕژێمانە یەک لە دوای یەک هەرەس دێنن و هاوڵاتیەک فرمێسکێکیان بۆ نارێژێ؟

لە مێژە گووتراوە بەری ڕۆژ بە بێژەنگ ناگیرێ، هەروەکو بەری گۆڕانکاریەکانیش بە خۆ بواردن لە بەرپرسیاریەتیە نەتەوەیی و مێژوویەکان ناگیرێ. لەگەڵ ئەوەش کە بارودۆخی هەرێم و گەلی کورد بە تێکرایی ناسکە و بەری ئاژاوە و نارەحەتی کتوپڕ ناگرێ، بەڵام ئەوەی

له ڕاگەیاندن و لەسەر زەوی واقیعی نیشتمان دەردەکەوێ ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان لە سیاسەتە چەوت و هەڵەکانی دەسەڵاتی کوردی پڕ بوون، ئارامگرتنیش سنووری هەیە. یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەرەیە بوو بە چیرۆکێکی نەزۆکی باوەڕنەکراو.

دەڵێن ئیرادە هەیە بۆ یەکگرتنەوە، بەڵام وا پێدەچێ ئەو ئیرادەیە لەسەر مەریخ بێ و پێویستمان بە دەیانساڵی تر هەیە تا دەسەڵاتی کوردی دەتوانێ کەشتییێکی ئاسمانی دروست بکات و بچێ ئەو ئیرادەیە دابەزێنێتە خوارەوە.

ئەو داواکاریانەی کە لیژنەی بەدواداچوونی گەندەڵی جەختیان لەسەر دەکاتەوە، بناغەی باش و پتەون بۆ هەنگاو هەڵێنانی تازە و ڕەوڕەوەی دیموکراسی. کەمکردنەوەی کاریگەری حیزبی لەسەر دام و دەزگا حکومیەکان، چارەسەرکردنی کێشەی تەزەخخومی فەرمانبەران و وەگەڕخستنی هەموو خاوەنتوانایەک بۆ بەرژەوەندی نیشتمان، جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵات بە شێوەیەکی ڕاستەقینە، چاکردنی بەرنامەی خوێندن و هەوڵدان بۆ هەنگاونان بەرە و داهاتوێکی پرشنگدار بۆ خەڵکی کوردستان گرێنتی چاونەترسی و دروستبوونی متمانە بە دەسەڵاتی کوردی بە هێز دەکات و ڕوحی نەتەوەیی گەشە پێدەدات. ئەگەر ئەم هەنگاوە بە پەلانەش نەهاوێژرێن ئەوا زەرێکی گەورە بە متمانەی خەڵکی کوردستان بەو دەسەڵاتە دەکەوێت، ئەگەر تا ئێستا نەکەوتبێ و کارلەکار نەترازابێ. دووریش نیە بەر لە هەموو سەنگەرێک لە سەنگەری هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عیراق نسکۆ ببەن و بە تەنیا لە گۆڕەپان بمێننەوە، چونکە وا پێدەچێ هیچ سۆز و بەڵێنێک، تەنانەت ئەو بەڵێنانەش کە بە قازانجی دەسەڵات خۆیشی دەشکێتەوە جێبەجێ نەکەن. ڕەوڕەوەی مێژوو ناوەستێ، ئەو جۆرە دەسەڵاتەش وردە وردە کرمێ دەبێ و پێش ناکەوێ و بەجێدەمێنێ.

زۆر گرنکە هەڵەی بزاڤی ڕزگاری خوازی عەرەبی دووبارە نەکەنەوە، خەڵکی کورد هەمووی ئامادەیە لە بەرەی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران بجەنگێ و بەرگری لە ئازادی و سەربەخۆیی خۆی بکات، بەڵام نەک بۆ بەرگریکردن لە ڕژێمێکی هاوشێوەی ڕژێمی ئەمڕۆی وڵاتانی عەرەب، بۆ ئەوەی دوای پەنجا ساڵی تر باس لە چاکسازی بکرێ و یەک لە دوای یەکی سەنگەرەکانیان هەڕەس بێنێ. پێویستە هەرد و ئاستی دەرەوە و ناوەوە شان بەشانی یەکتر بەرەو پێش بچن و ڕاستگۆییەکی ڕەها هەبێ لە نێوان دەسەڵات و جەماوەر. خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش توێژی وشیار و خوێندەواری کورد ئامادە نیە لە دیل و نیری دیکتاتۆریەتێکی بێگانە دەرچێ بۆ دیل و نیری دیکتاتۆریەتێکی ناوخۆ.

بەسە، شەرم لە میللەتەکەتان و لە شەهیدان و لە کەس وکاری ئەو شەهیدانە بکەن.

بەسە، هێشتا بۆگەنی شەڕی ناوخۆ و خۆکوژیتان لێبەرزدەبێتەوە، تەریق بنەوە و چیتر گاڵتە بە خەڵکی خۆتان مەکەن.

بەسە، با چیتر نەبینە مەسخەرەی تورک و عەرەب و فارس.

بەسە، هەنگاو بۆ قۆناغێکی تازە و پرشنگداری ڕاستەقینە باوێن و هەوڵی گەیشتن بە کاروانی گەلانی پێشکەوت و بدەن.

بەسە، چیتر بەرژەوەندی عائیلەو حیزب و تاک مەخەنە سەرەوەی بەرژەوەندی میللەتەکەتان و دڵی دوژمنمان پێخۆش مەکەن.

بەسە، بە کەسێکی وەکو ماندێلا تەریق بنەوە و ئەخلاقی کۆیلەو بەندە گۆڕبەگۆڕ بکەن.

ئەو ساتە و تەنها ئەو ساتە جەماوەریش بێ قەیدوشەرت لە دەورتان کۆدەبێتەوە.